# Migration and Postcolonialism: Postcolonial Theory as a Gateway to Understanding South-North Migration

Zrar Kamal Jubraeel[1], Murad Hakim Mohammad [2]
[1] Soran University, [2] Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2695.04*
*Published: 16/8/2026*

## *Abstract*

*This article examines the relationship between postcolonialism and contemporary migration from the Global South to the Global North. While migration is often explained through economic push-and-pull factors, this study highlights the importance of historical, cultural, and social dynamics rooted in colonial legacies. Using postcolonial theory as a conceptual framework, the research explores how former colonial relationships continue to influence patterns of migration, particularly from regions such as Asia, Africa, and Latin America to countries like the United Kingdom, France, the Netherlands, and Italy. The analysis draws on existing literature and empirical studies to argue that colonial histories have created enduring cultural and institutional linkages that shape migrants' decisions and destinations. These include shared language, education systems, and perceived familiarity with the colonizing culture. The study concludes that postcolonial theory provides critical tools for understanding how the past continues to inform present-day migration trends beyond purely economic explanations.*

***Keyword***: *immigration, colonialism, postcolonialism, cultural continuity, South–North migration..*

# کۆچ و پۆست-کۆلۆنیالیزم: تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم وەک دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە کۆچ، لە باشوورەوە بۆ باکوور

زرار کمال جبرائیل[١] – مراد حکیم محمد[٢]

1،2 بەشی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان-عێراق

**پۆختە:**

کۆچ دیاردەیەکی مرۆییە و بە درێژایی مێژوو هەبووە، لە سەردەمی ئێستادا کۆچ دیاردەیەکی سەرتاپاگیر و جیهانیە، بەڵام ئەوەی تێبینیدەکرێت زیاتر لە نیوەگۆی خوارەوەی زەویەوە، هەوڵ بۆ کۆچ بە شێوەیەکی بەربڵاو بۆ نیوەگۆی سەرەوەی زەوی هەیە. ئەم توێژینەوەیە ئامانجە سەرەکیەکەی ئەوەیە پەیوەندیەک لە نێوان کۆچ و کۆلۆنیالیزمدا بدۆزێتەوە. ئایا جگە لە هۆکاری ئابووری، تا چەندە هۆکارە کلتووری و کۆمەڵایەتیەکان لە پشت کۆچی خەڵکەوەن، لە هەرسێ کیشوەرەکانی ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین، هەروەها بە ئاراستەی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەییش ئەو وڵاتانەی سەردەمانێک کۆلۆنیال بوون وەک بەریتانیا، فڕەنسا، هۆڵەندا و ئیتالیا. بۆ سەلماندنی ئەوە توێژەران هەوڵیانداوە پشت بە ئەدەبیاتی پێشوو ببەستن لە تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم و بەشێک لەو توێژینەوانەی لە وڵاتی جیاواز ئەنجامدراون لە بارەی کۆچ و کۆلۆنیالیزمەوە. لەم بارەوە خوێندنەوە بۆ کۆمەڵێک توێژینەوە کراوە کە پشتیان بە تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم بەستووە بۆ خوێندنەوەی هۆکارەکانی پشت کۆچی کۆچبەران بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا. وەک لە ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان کۆچی هاوڵاتیانی وڵاتێکی کۆلۆنی جاران بۆ وڵاتە کۆلۆنیالەکە هەیە. ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە هۆکاری کۆچ تەنیا

ئابووری نیە، بەڵکو کلتووری و کۆمەڵایەتیشە، ئەو کاریگەریەی کلتووری کۆلۆنیالی لەسەر کلتووری کۆلۆنیەکە دروستیکردوە، هۆکارێکی بەهێزی کۆچکردنە بۆ وڵاتە کۆلۆنیالەکە.

وشە کلیلیەکان: کۆچ، کۆلۆنیالیزم، پۆست کۆلۆنیالیزم، ڕۆژئاوا، باشوور.

## 1 دەروازە:

کۆچ لە سەردەمانی پێش کۆلۆنیالیزم زیاتر بۆ مەبەستی ژیان بووە، یان هەندێک جار لە ژێر هەڕەشەی داگیرکاریەکاندا ڕوویداوە، خەڵکی بۆ مەبەستی مانەوە کۆچیان کردوە، ئەم جۆرە کۆچکردنە زیاتر جۆرێک بووە لە کۆچکردنی سروشتی، کە تایبەتە بە ژیانی کۆمەڵایەتیی سەردەمی خۆی و جۆرێک هەوڵدانە لە پێناو مانەوە. بۆ نموونە، کۆچ لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و بە پێچەوانەوە، هەر وەک لە دۆزینەوەی کێشوەی ئەمریکا کە بووە هۆی ئەوەی خەڵک لە ئەوروپاوە بۆ ئەمریکا کۆچ بکەن. بە هەمان شێوە ئاسیاییەکان بەهۆی ناجێگیریی دۆخی سیاسی و ئابووری کۆچیان بۆ ئەوروپا دەکرد. ئەم جورە کۆچە هەر بەم شێوەیە بەردەوامی بە خۆیداوە. ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتی لە پشت نەبووە، بەڵام لەدوای شەپۆلە داگیرکاریەکانی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات، ڕێگا بۆ جۆرێکی دیکەی کۆچ خۆش دەبێت. وڵاتانی داگیرکەر جگە لە سەپاندنی هەژموونی سیاسیی خۆیان، هەوڵیاندا کلتووری خۆشیان لە وڵاتانی داگیرکراودا باڵادەستبکەن، وەک داگیرکاریی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بە سەر گشت وڵاتانی تردا، بە تایبەت لە سەردەمی ڤیکتوریادا، کە بە بەریتانیایان دەگوت ئەو وڵاتەی کە خۆری لێ ئاوانابێت. تاکو ئێستاش بە پلەی جیاواز کاریگەریی کلتووری بەریتانی بەسەر ئەو وڵاتانەدا دیارە. کە لە ژێر هەژموونیدا بوونە وەکوو هیندیستان. هەروەها داگیرکاریی فەرەنسا بۆ وڵاتە ئەفریقیەکان، بە هەمان شێوە تاکو ئێستاش ئەم وڵاتانە ئاسەواری وڵاتی داگیرکەریان پێوەدیارە. کارکردنی وڵاتانی داگیرکەر بە شێوەیەکی سیستەماتیک بووە هۆکاری ئەوەی کە وڵاتانی داگیرکراو تووشی دۆخێکی نامۆبوون ببن، لە هەمبەر ژیانی ڕەسەنی خۆیان و کلتووری خۆیان. تێڕوانینی وڵاتانی داگیرکراو بۆ

کلتووری خۆیان گۆڕانی بە سەردا هات، بە جۆرێک کە کلتووری خۆیان لاواز و دواکەوتووتر وێنابکەن. "فرانتز فانون" لە کتێبی "نەفرەتلێکراوانی زەوی" بە شێوەیەکی ڕوون دۆخی وڵاتی داگیرکراو شرۆڤەدەکات و پێی وایە "داگیرکاری تەنها بەوە ناوەستێت کە خەڵک لە چنگی خۆیدا بهێڵێتەوە و مێشکی ئەو نەتەوەیە لە هەموو شێوە ناواخنێک بەتاڵ بکاتەوە، بەڵکو بە بەکارهێنانی لۆجیکێکی گەندەڵانە، ڕوو دەکاتە ڕابردووی خەڵکانی چەوساوە و شێوە و وێنەی دەگۆڕێت و لەناویدەبات (سەلام-خوسرەوی، ٢٠٢٢: ١٢). ئەم تێکەڵاویەی نێوان کلتوورەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەمیشە کلتووری زاڵ خاوەن سەروەری بێت لە وڵاتی داگیرکراودا. ئەگەر سەرنج بدەین هاوڵاتیانی وڵاتانی داگیرکراو هەمیشە ڕووی کۆچیان لە وڵاتی داگیرکەرە.

## 1-1 کێشەی توێژینەوە

دیاردەی کۆچ لە وڵاتانی باشوور (ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین) بە شێوەکی گشتی ڕووی لە هەڵکشانە. دانیشتووان بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە، خەڵکی ئاسایی و لێهاتووەوە کۆچ دەکەن. ئەم دیاردەیە زیاتر شێوەیەکی هەڕەمەکی بە خۆیەوە بینیوە تاوەکو بابەتێک بێت کە خەڵک لەژێر گوشارێکی تایبەتەوە کۆچ بکەن، چونکە خەڵکانێک هەن کۆچ دەکەن کە لە ژیانیاندا هیچ کێشەیەکی ئەوتۆیان نییە. تەنانەت کە کۆچ دەکەن بۆ وڵاتانی دیکەیش ژیانیان زۆر خراپتر دەبێت، کەچی ڕەوەندی کۆچ هەر لە هەڵکشانە. ڕۆژانە ئەم جۆرە کەیسانە لە میدیاکانیشدا دەبینین، لە بەر ئەم هۆکارە بابەتی کۆچ جێگەی سەرنجە، ئاوڕدانەوەیەکی زانستیانە پێویستە، لەو مێژوو و پێکهاتانە بکۆڵدرێتەوە کە ڕەگیان لە ئەزموونەکانی کۆلۆنیالیزم و پاش-کۆلۆنیالیزمدایە و کاریگەرییان لەسەر ئەم جۆرە کۆچکردنە هەیە. پێویستە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە تێبگەین کە مێژووی کۆلۆنیالیزم، ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی-سیاسی و داینامیکی دەسەڵاتی جیهانی چۆن ڕەوتی کۆچبەری ئێستا بەرەو وڵاتانی باکوور (ڕۆژئاوا) لەقاڵبدەدەن.

چارەسەرکردنی ئەم بۆشاییە لە ئەدەبیاتدا دەتوانێت ستراتیژیی کاریگەرتر و گونجاوتر بۆ کەمکردنەوەی کۆچی گەنجان دابینبکات.

### 2-1 پرسیاری سەرەکی

ڕەهەندە کۆمەڵایەتی-سیاسیەکانی کۆچ لە وڵاتانی پۆست کۆلۆنیالیدا چین و چۆن کۆلۆنیالیزم ڕۆڵی هەیە لە فۆرمالیزەکردنی کۆچی هاوڵاتیان لە وڵاتانی باشوور (ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین).

### 3-1 ئامانجەکانی توێژینەوە:

١- دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارە سەرەکیانەی بەشدارن لە کۆچ بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا.

٢- شیکردنەوەی دیاردەی کۆچی خەڵک لە چوارچێوەی تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزمدا.

٣- زانینی تایبەتمەندیی ئەو توێژینەوانەی لەبارەی پەیوەندیی نێوان کۆچ و کۆلۆنیالیزمەوە ئەنجامدراون.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە یارمەتیماندەدات لە تێگەیشتن لە دیاردەی کۆچ کە لەم ٣٠ ساڵەی دواییدا بووتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی باو و گوتارێکی سەردەست لەنێو نەوەی نوێدا و لە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی زۆر لە وڵاتانی باشوور، ئەوەی کە ئەوەش ئاسانتر دەکات ئەوەیە، کە هەرێمی کوردستان (هەموو ئەو خاکەی بە کوردستان ناسراوە) خاکێکی کۆلۆنیالی بووە، بۆیە تێگەیشتن لە تێڕوانینی پۆست کۆلۆنیالیزم بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان کۆچ و داگیرکاری بۆ توێژەران و سیاسەتدارێژەران گرنگە.

ئەم توێژینەوەیە سوودی لە میتۆدی کتێبخانەیی بینیوە. داتای مەیدانی لەم توێژینەوەیەدا کۆنەکراونەتەوە، بەڵکو لە ڕێگای ئەدەبیاتی بەردەستەوە لە ئەدەبیاتی پێشوو (کتێب، وتار، توێژینەوە، ڕاپۆرت، بەڵگەنامە...) توێژەران خوێندنەوە بۆ دیاردەی کۆچ لە پەیوەندیدا بە کۆلۆنیالیزم دەکەن.

## 2 چەمکەکانی توێژینەوە

### 2-1 کۆلۆنیالیزم:

کۆلۆنیالیزم بە شێوەیەکی سیستەماتیک و پلانبۆدارێژراو بۆ سەردەمی دۆزینەوەی ئەمریکا دەگەڕێتەوە، کە لە لایەن کریستۆف کۆلۆمبس لە سالی ١٤٩٢دۆزرایەوە. لەم کاتە بە دواوە چاخی گەورەی کۆلۆنیالیزم دەستپێدەکات (ناردۆ، ٢٠٢١: ١٩). هەر لە پاش دۆزینەوەی ئەمریکای ئێستا، جگە لە ئیسپانیا، گەورە ئیمپراتوریەتەکانی تریش لە ئەوروپا ڕوویان لە ئەمریکا کرد بە مەبەستی داگیرکردنی زەویی زیاتر بۆ سەر ئیمپراتوریەتەکانیان. دوورگەکانی ڕۆژئاوا کە کریستۆف کۆلۆمبس دۆزیبوویەوە کەوتنە ژێر هەژموونی ئیمپراتوریەتی ئیسپانیا، هەر یەکە لە ئیمپراتوریتەکانی بریتانیا، فەرەنسا و هۆڵەندا هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ داگیرکاری و بەکۆلۆنیکردنی ناوچەیەکی بەرفراوانتر (ناردۆ، ٢٠٢١: ١٧).

لە ئەنجامی دروستبوونی هزری قازانجخوازیدا، ئەم ڕەوتەی داگیرکاری درێژەی بە کاروانی داگیرکاریەکانی دا تاکو سەردەمی پیشەسازی. بنەڕەتی ئایدیۆلۆژیای کۆلۆنیالیزم بۆ سیستەمی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی دەگەڕێتەوە، داگیرکاری زیاتر واتە سامانی زیاتر. سەردەمی پیشەسازی ڕێگەخۆشکەرێکی زۆر سەرەکی بوو، بۆ پەڕینەوەی کۆمەڵگا لە سیستەمی فیوداڵیەوە بۆ سیستەمی سەرمایەداری کە هەلومەرجێکی زیاتر و هەمەلایانەی خولقاند بۆ خواستی کەڵەکەکردنی سەرمایە لە لایەن هەموو چین و توێژەکانەوە، هزری سامانخوازیی گشتگیر بۆ گەڕان بەدوای سەرمایەدا، هۆکاری بەرەوپێشچوونی ئایدیۆلۆجیای کۆلۆنیالیستی بوو لە شوێنەکانی تری جیهان کە دواتر بوونە شایەدی داگیرکاریەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ئاسیا و ئەفریقا، خاڵێک کە جێگەی سەرنجدانە بریتیە لە بەکارهێنانی ئاین بە ئەوەی پرۆژە داگیرکارەکانیان زێدەتر بەرەوپێشببەن، ئاین وەک ئامرازێک بەکارهێنرا بۆ ملکەچی زیاتری کەسی کۆلۆنیکراو (سەلام-خوسرەوی، ٢٠٢٢: ٧).

ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە ئاوڕێک لە دیاردەی کۆلۆنیالیزم بدەینەوە ئەوا دەتوانین لە نێوان کۆلۆنیالیزیمی سەردەمی پێش مۆدێرن و مودێرن جیاوازیەکی ئایدیولۆجی بەدیبکەین، لە شێوازی داگیرکاریی پێش مودێرندا وڵاتی داگیرکەر تەنها دەسەڵاتی ئیداری و سەربازیی خۆی بەسەر وڵاتی داگیرکراودا دەسەپێنێت، لەم بارودۆخەدا سووژەی داگیرکراو بە هیچ شێوەیەک لایەنی داگیرکەر وەک خاوەنی وڵات یاخود لایەنی داگیرکراو ناناسێت، لایەنی داگیرکراو هەمیشە لە هەوڵێکی بەردەوامدا دەبێت بۆ وەدەرنانی لایەنی داگیرکەر. بەڵام لە کۆلۆنیالیزمدا سووژەیەکی بەکۆلۆنیکراو دروستدەبێت. بابەتی ڕزگاری لە دەستی وڵاتی داگیرکەردا بەدووردەزانێت بە شێوەیەک لە شێوەکان شەرعیەتێکی خاوەنداریەتی بە لایەنی داگیرکەر دەبەخشێت و ئەو تێڕوانینەی کە دەبێت لایەنی داگیرکەر بە هەر شێوەک بێت وڵاتی داگیرکراو بەجێبهێڵێت مانایەکی ئەوتۆی نامێنێت وەک ئەوەی کە لە دۆخی داگیرکاریدا هەیە، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی عەقلی مۆدێرن و دەوڵەتی مۆدێرنە (کەریمی، ٢٠٢٣: ١٠٧).

کۆلۆنیالیزم لە سەردەی مۆدێرندا سەرنجی زیاتری لەسەر داگیرکرنی کلتوورە، چونکە کلتوور بنیاد و پێناسە و بوونی هەر نەتەوەیەکە، کاتێک کلتووری هەر نەتەوەیەک لە لایەن کۆلۆنیکارەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە، ئەوا ئەو نەتەوەیە لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوونە، بەکۆلۆنیکردنی کلتووری دەبێتە هۆی لەناوچوونی نەتەوەی داگیرکراو بە شێوەکی گشتی، چونکە شێوازی کۆلۆنیالیزمی کلتووری سووژەیەکی بە کۆلۆنیکراو دروستدەبێت کە لە دوورمەودادا لە بیرکردن و فەرامۆشکردنی خودی بەرهەمدێنێت و بەرنگاربوونەوەی نەتەوەی کۆلۆنی دەبێتە دۆخێکی سەخت و نەکردە، چونکە تاکی بەکۆلۆنیکراو ڕووبەڕووی تێشکاندنی مەعنەویاتی تاکی دەبێتەوە لە لای کۆلۆنیکار (قەرەداغی، ٢٠٠٧: ١٢٣-١٢٤).

## 2-2 پۆست-کۆلۆنیالیزم:

پۆست-کۆلۆنیالیزم بە شێوەیەکی گشتی زۆر ڕەهەندی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت وەک پرسی شوناس، کولتوور، هێز و دەسەلأت، هەروەها دەیەوێت لە ڕێگەی هەندێک تیۆری زانستی و پراکتیکی سیاسی باس لە سەروەر هێشتنەوەی کۆلۆنیالیزم و ڕەهەندەکانی بکات، بەم شێوەیە لە سێ ڕوانگەوە لە بابەتی پۆست-کۆلۆنیالیزم دەڕوانێت. یەکەم، تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی کۆلۆنیالیزم و بیری ڕزگاریخوازی کۆلۆنیەکان و لێکۆڵینەوە لە کاریگەریە درێژمەوداکانی ئەم ڕەوتە (سەلام-خوسرەوی، ٢٠٢٢: ١١). چەمکی پۆست-کۆلۆنیالیزم لە هەناوی کۆلۆنیالیزمەوە سەردەردێنێت، زۆربەی مێژوونووسان سەردەمی کۆلۆنیالیزم بە کۆتایی سەدەی پانزدە تاکو ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم دادەنێن، کە نزیکەی پێنج سەد ساڵی خایاندوە. لەو ماوە درێژەدا چەندین وڵات دەستپێشخەربوون بۆ بەرەوپێشبردنی سیستەمی کۆلۆنیکردنی ناوچەکانی تر، خواستن لەسەر ئەوەی کە بۆچی ئەم ئیمپراتوریەتانە دەست بدەنە داگیرکاری و کۆلۆنیکردنی وڵاتانی تر و زیاترکردنی نفوزی خۆیان لە دونیادا، دەگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەکانی کریستوفێر کلومبس کە لە زۆر ڕووەوە سوودی بە ئیمپراتوریەتی ئیسپانی گەیاند. هەر لەبەر ئەمە هەر یەکێک لە ئیمپراتوریەتەکانی ئسپانیا، بەریتانیا و فەرانسا هەوڵیاندا خەڵکانی دیکە بنێرن بۆ دۆزینەوەی زەویی تر بە مەبەستی داگیرکردنیان. لە کاتی دۆزینەوەی زەویی نوێ ئەو شوێنە دەبوو بە مۆڵکی خۆیان و خەڵکی ئەو شوێنانەیان دەچەوساندەوە، چەوساندنەوەی خەڵک و زەویی داگیرکراو زۆری خایاند، بەڵام سەرەڕای هەموو زۆرداریەک لە کۆتاییدا هێزی داگیرکەر ناچاربوون ناوچە داگیرکراوەکان جێبهێڵن. بەڵام لەگەڵ نەمانی هێزی داگیرکەر، ئاسەوارەکانی داگیرکاری لەناوناچن و دەمێننەوە، کە زۆربەی بیرمەندان ئەوە بە قوناغی پۆست-کۆلۆنیالیزم ناودەبەن (ناردۆ، ٢٠٢١: ٢٢-٢٣). پۆست-کۆلۆنیالیزم زیاتر لە تیۆری ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوە کلتوریەکاندا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بووە جێگەی سەرنجی بیرمەندان.

پۆست-کۆلۆنیالیزم؛ هەر وەک پێشتر بە شێوەیەکی سادە ئاماژەمانپێکرد هەوڵدەدات لێکۆڵینەوە لە کاریگەریە درێژخایەنەکانی کۆلۆنیالیزم بکات لەسەر کۆمەڵگا داگیرکراوەکان، لە ڕووی کلتووری، کۆمەلایەتی، سیاسی و ئابووریەوە. گرنگترین تیۆرمەندەکانی ئەم بوارە وەک ئێدوارد سەعید، هۆمی بابا و گایاتری سپیڤاک... جەخت لەسەر شیکردنەوەی پەیوەندیە ئاڵۆزەکانی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو دەکەنەوە، چۆنیەتیی کاریگەریەکانی ئەم پەیوەندیە لەسەر دروستبوونی ناسنامە و کلتوور بە تایبەت لەسەر نەتەوەی داگیرکراو (سەلام، خوسرەوی، ٢٠٢٢: ١٦-١٨).

بە پێی ڕوانگەی پۆست-کۆلۆنیالیزم ڕەهەندەکانی کۆلۆنیالیزم تەنها لە کاتی داگیرکاریەکەدا دیارنین، بەڵکو درێژە بە خۆیان دەدەن تەنانەت دوای ئەوەی کە وڵاتانی ژێردەست دەتوانن بە سەربەخۆیی بگەن و کۆتایی بە داگیرکاری بهێنن، ئەم کاریگەریانە لە زۆر ڕووەوە خۆیان پیشاندەدەن، وەک کاریگەری خستنەسەر کلتووری ڕەسەن و شێواندنی، گۆڕانکاری لە شێوازی ئابووری، لاوازکردنی زمانی نەتەوەیی و گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵگا، هەر بۆیە، گرنگیی ئەم تیۆرە لەوەدایە کە هەوڵدەدات شیکردنەوە بۆ ئەم دیاردانە بکات و ڕێگاچارە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان بدۆزێتەوە (گیدنز، ٢٠١٢: ٤٥١).

هێزە داگیرکەرەکان لە دوای نەمانی دەسەلاتیانیش بەسەر وڵاتانی داگیرکەریدا کەچی هێشتا کاریگەریەکانیان دەمێنێت، مانەوەی کاریگەریەکە تەنها لە سایەی سەردەستیی کلتووری زاڵدا نیە کە پێشتر لە کاتی داگیرکەریەکاندا کاریگەری هەر ماوە لە وڵاتی داگیرکراودا. بەڵکو خۆدی وڵاتە داگیرکرەکانن (کۆلۆنیالەکان)ن، کە هێشتا باڵادەستیی خۆیان دەسەپێنن بە سەر وڵاتانی بەکۆلۆنیکراودا. واتە پرۆسەی داگیرکاریەکە بەردەوامی بە خۆی دەدات. بە سەرنجدان لە هەر یەکە لە وڵاتانی ئافغانستان، کوبا، ئێران، عێراق بە شێوەیەکی ڕوون ئەوە دیارە کە هەر وڵاتێک لەوانەی کە ئاماژەمان پێدا بەگژ ئیمپریالیستەکەیدا چووبێت، ئەوا بە شێوەیەکی زۆر توند لە

لایەن ئیمپریالییستەکەیەوە سەرکۆتکراوە. زۆرجار هێزی سەربازی لە دژی وڵاتە کۆلۆنیەکانەوە بەکارهاتوە کە خوازیاری هەژموونی ئەو ئیمپریالانە نەبوونە، لەبەر درێژبوونەوە ڕەوتی بەکۆلۆنیکردنی وڵات لە لایەن ئیمپریالەکانەوە، تارادەیەکی زۆر کلتووری زۆربەی وڵاتانی ڕەسەن لەناوچوونە یاخود بەرەو لاوازی چوون، کە ئاکامی ئەوە دەبێت لەسەر نەوەکانی نوێ کە مەیلیان زیاتر بۆ لای کلتووری داگیرکەر بڕوات، بۆ نموونە لە باسی کۆچیشدا زۆربەی کات ڕووی کۆچکردن لە هەمان وڵاتی داگیرکەرە، وەک جەزائیریەکان بۆ فەرەنسا و عێراقیەکان بۆ بەریتانیا (یۆنگ، ٢٠١٩: ١٣).

## 3-2 باکوور و باشوور

بۆ یەکەمجار زاراوەی وڵاتانی باکوور و باشوور لەلایەن جوگرافیناسێکی ئەلمانیەوە داڕێژرا، بە ناوی "هاوس هۆفەر" لە ماوەی نێوان دوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، بە بڕوای ئەو (وڵاتانی بەهێز لە بەشی سەرەوە و وڵاتانی جیهانی سێیەمیش لە بەشی خوارەوەی گۆی زەوی هەڵکەوتون) (کلانتری و خلیلی، ٢٠١٠: ٢٥).

چەمکی باکوور ئاماژە بە کۆی وڵاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو دەکات: ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، ژاپۆن، کەنەدا، نیوزلەندا و ئوستراليا. وڵاتانی باکوور خۆیان لە ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی ئابووریدا ڕێکخست کە لە ساڵی 1960 دامەزراوە و درێژکراوەی ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووریی ئەورووپایە کە لە ساڵی 1948 دامەزرا. باشوور دەربڕینێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیە کە ئاماژە بە کۆمەڵێک وڵات دەکات کە زۆربەیان لە نیوەگۆی باشوورن، وڵاتانی تازە سەربەخۆ لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین کە سەر بە وڵاتانی ڕۆژئاوای پێشکەوتوو یان بلۆکی ڕۆژهەڵاتی سۆسیالیستی پێشوو نین، دەگرێتەوە. (هیاجنە و برکات، ٢٠١٩: ١٣).

لە ڕاستیدا، سێبەری ڕەشبینی کە باڵی بەسەر پەیوەندیەکانی باکوور و باشووردا کێشاوە، لە سەردەمی پێش کۆلۆنیالیزمەوە تا ئێستا، لەبارەی ئەدەبیاتی مێژوویی گەشەسەندن، ڕێگرە لەوەی پەنا بۆ هەر جۆرە ستراتیژێکی نێونەتەوەیی بۆ گەشەسەندن ببات (ساعی، ٢٠٠٦، ١٤٤). دانوستانی باکوور- باشوور سەبارەت بە بونیادی ئێستا و بونیادی خوازراوی پەیوەندیە ئابووریەکان لە جیهاندا، لە دوای خستنەڕووی داواکاری تایبەت لە لایەن وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە بە مەبەستی چاکسازیە جیهانیەکان لە ناوەڕاستی دەیەی حەفتا بە لوتکەی خۆیان گەیشتن. ئەم داواکاریانە بە مەبەستی دروستکردنی سیستەمێکی نوێی جیهانی بوون بۆ ئابووریی نێودەوڵەتی (کلانتری و خلیلی، ٢٠١٠: ٢٨)

### 3 تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم:

تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم؛ لە ڕۆژئاوا، سەرەتاکانی دەگەڕێنەوە بۆ چارەکی سێیەمی سەدەی بیست (بن ایديري و إخلاف، 2022). بە تایبەت باسەکانی بریتین لە کاریگەرییەکانی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم لەسەر کۆمەڵگا، کولتوور، ئابووری و سیاسەت لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا. پۆست-کۆلۆنیالیزم زیاتر جەخت لەوە دەکات کە پرۆسەی کۆلۆنیالیزم تەنها کاریگەری نەخستووتە سەر لایەنی سیاسی و ئابووری، بەڵکو کاریگەرییەکی قووڵی هەبووە لەسەر پێکهاتەی کولتوور، زمان، هەست و بیرکردنەوەی خەڵکی ڕەسەنی وڵاتی داگیرکراو. ئەم تیۆرییە کار لەسەر ئەوە دەکات کە وڵاتانی داگیرکراو لە دوای نەمانی دەسەڵاتی وڵاتانی کۆلۆنیالیزم چون دەتوانن لە کاریگەرییەکانی سیستەمی ئەو کۆلۆنیالانە ڕزگار ببن، لەبەر ئەوەی میراتی بەجێماوی وڵاتانی کۆلۆنیال جگە لەوەی کە کاریگەری خستوتە سەر پێکهاتەکانی کولتووری، کاریگەری هەبووە لە سەر زانستە مرۆڤایەتییەکانیش (ئەدەبیات، فەلسەفە، زانستە کۆمەڵایەتییەکان). لە دیارترین بیرمەندانی ئەم ڕەوتە بریتین لە ئێدوارد سەعید، گایاتری چاکرە ڤۆرتی سپیڤاک، فرانتز فانون، هومی بابا و ئەکیل مومبێ.

دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی ئێدوارد سەعید، بەناوی "ڕۆژهەڵاتناسی لە حەفتاکانی سەتەی ڕابردوو"، بوار بۆ تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم ڕەخسا، کە لە هەشتا و نەوەدەکان بەربڵاوتر بێت (بوحاریش، 2016). ئەم کتێبە دەنگدانەوەیەکی میدیایی گەورەی لە ڕۆژئاوا لێ کەوتەوە، بەفرەوانی پێشوازی لێکراو و بڵاوبوویەوە لە ناوەندە ئەکادیمی و هزرییەکان (هەمان سەرچاوە، ١١٣).

ئێدوارد سەعید لە کتێبی بەناوبانگەکەی "ڕۆژهەڵاتناسی"دا باسی ئەوە دەکات کە ڕۆژئاوا چۆن ڕەخنەیەکی نادادپەروەرانە و خەیاڵی لەسەر ڕۆژهەڵات درووست کردووە، وشەی ڕۆژهەڵاتناسی کە لە ناو ئەدەبیاتی ئەکادیمای ئەورووپیدا وەک چەمکێکی سەرەکی لە تیۆری پۆست–کۆلۆنیالیزدمدا بەکاردێت لە داهێنانی خۆدی ئەرپییەکان بووە.

ئێدوارد سەعید گۆڕانکارییەکی گرنگی لە بواری ئەکادیمیدا درووست کرد، ئەو گۆڕانکارییە لە هزر و فەلسەفەی ڕۆژئاواییەکاندا دروست بوو، زیاتر سەرنجی خستەسەر گفتوگۆی نێوان کولتوورەکان و دەربارەی "ئەوانی تر". ئەمەش یارمەتی دا بۆ درووستکردنی ئەوەی کە پێی دەوترێت پەروەردەی ئەوانی تر، کە تیایدا تیۆری و پراکتیکی پۆست کۆلۆنیالیزم دەتوانێت ئاراستەی کولتوورەکانی ڕۆژهەڵات، ئەدەبیات، جوگرافیای سیاسی، و زانستەکانی تر بخاتە لای تەرازووی بەراوردکاری بە خۆد (Burney, 2012, p. 4) .

سەعید لە یەکەمین کەسەکانە، کە شیکاری گوتاری کۆلۆنیالیزمی کردووە، لە پێشرەوەکانە لەم کایەیەدا و توانی وێنایەکی ڕەخنەیی دەگمەن پێشکەش بکات لە میانەی لێکۆڵینەوەی لە گوتاری کۆلۆنیالی (بن ایدیري و إخلاف، 2022: ٥٦).

فرانتز فانون کە تیۆرسێنێکی پۆست–کۆلۆنیالیزمە بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەخنە لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالەکان دەگرێت و لە چەندی کتێبدا بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە کاری کردووە بۆ هوشیار بوونەوەی نەتەوە بندەستەکان بە تایبەت لە ئەفریقا. بیرۆکەی فانۆن لەبارەی ئایدۆلۆژیا،

بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە ڕەچەڵەک، کولتووری نەتەوەیی و مرۆڤایەتی شۆڕشگێڕانەوە، فانۆن بانگەواز دەکات کە ڕزگاربوونی ڕاستەقینەی نەتەوەیی پێویستی بە گۆڕانکاریەکی سیاسی و دەروونی هەیە لە کۆلۆنیالیزم، واتە ڕزگاربوون لە کۆلۆنیالیزم نەک تەنها دەبێت دەسەڵاتی کۆلۆنیالی لاببرێت، بەڵکو پێویستە بیرۆکە کۆلۆنیالیستییەکان کە لە مێشکی داگیرکراوەکاندا چەسپاون نەهێڵرێن(Nursey-Bray, 1980, p. 142).

فانون لە چەند کتێبێکدا ڕەخنەی خۆی دەخاتەڕوو سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کۆلۆنیالیزم و کۆلۆنیکراو. تیۆری توندوتیژی فانۆن وەک جورێک لە تێگەیشتن لە خەباتی هاوچەرخ دژی ستەمکاری بەتایبەتی لە ئەفریقای پۆست کۆلۆنیالیزم نیشان دەدات، فانۆن لە کتێبی (بەدبەختەکانی زەوی) (The Wretched of the Earth) (١٩٦١)دا، ئاماژەی بەوە کردووە کە توندوتیژی لە کۆلونیالیزەکردندا هێزێکی پێویستە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی بەردەوام ڕەنگە ببێتە هۆی ناسەقامگیریی درێژخایەن نەک ڕزگاریی ڕاستەقینە. هەروەها سەبارەت بە شیکاریی دەروونی، فانۆن لە کتێبی ڕەشپێست، دەمامکی سپی (Black Skin, White Masks) (١٩٥٢)دا، کە پەیوەندیدارە بە ڕوونکردنەوەیەکی ئاڵۆزی و نامۆبوونی ناوەکی کە لەنێو گەلانی بەکۆلۆنیکراودا بەردەوامە. ئارگیومێنتەکانی لە کتێبی بەرەو شۆڕشی ئەفریقا (Toward the African Revolution) (١٩٦٤) سەبارەت بە خیانەتکردن لە سەرکردە ناسیۆنالیستەکان دوای سەربەخۆیی، دەنگدانەوەی لەگەڵ گەندەڵیی سیاسیی مۆدێرن و ئیستغلالکردنی ئابووری لە ئەفریقادا هەیە. لە کاتێکدا بیرۆکە شۆڕشگێڕیەکانی فانۆن بەردەوامن لە ئیلهامبەخشین بە بزووتنەوە دژەکۆلۆنیالیزم و دژەئیمپریالیستەکان (Aghamelu & Ejike, 2017, p. 39-40).

سەرنجی فانۆن لەسەر پەردەلادان بۆ ئایدیۆلۆجیای شاراوە و نادیاریی ڕۆژئاوا لەپشت ئامادەبییەکەی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، کە ئامانجی یەکەمی زێدەکردنی هەژموونی خۆی و بەرفرەوانکردنی ڕووبەری دەسەڵاتەکەی بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک ئامراز و شێواز لە ئامرازە

مادیەکان وەکو هێزی سەربازی و مەعنەوی، کە خۆی لە هێرشی کلتووریدا دەبینێتەوە بۆسەر نەتەوەکانی جیهانی سێیەم و چاندنی تۆی خۆبەکەمزانی لە ناخیاندا بۆ لاوازکردنی هێزی بەرنگاربوونەوەیان (حیاة و غریب، 2022). هەروەها لە باسکردنی مرۆڤی ڕەشپێستدا فانۆن ئەوە ڕووندەکاتەوە کەوا مرۆڤی ڕەش و هەموو ئەوانەی لەژێر دەستی داگیکەردا ژیاون، بە قووڵی لەژێر کاریگەریی ئەزموونی ڕۆژانەی ئەو کلتوورەدان کە داگیرکەر دروستیکردوە. ئەم کاریگەریە شڵەژانی دەروونی بەرهەمدەهێنێت، هەستی ئەوان بە ناسنامە لاوازدەکات و خودیان پارچەدەکات بە جۆرێک کە هەستدەکەن لە کلتووری ڕەسەنی خۆیان دابڕاون، پاڵیان پێوە دەنێت لاسایی ناسنامەی داگیرکەر بکەنەوە و بە باشتر لە ناسنامەی خۆیانی بزانن (حمود و مسالتي، 2022).

یەکێکی تر لە بیرمەندە کاریگەرەکان کە لەسەر دۆخی پۆست-کۆلۆنیالیزمی نوسیەوە، بریتیە لە گایاتری چاکراڤۆرتی سپیڤاک. سپیڤاک لەدایکبووی ٢٤ی شوباتی ١٩٤٢، تیۆرسێنێکی ئەدەبی هیندیە و بە کارە کاریگەرەکانی لە توێژینەوەکانی پۆست-کۆلۆنیالیزمدا ناسراوە. ئەو لە ڕێگەی وەرگێڕانی کتێبی (Of Grammatology)ی جاک دێریدا ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا و خۆی بە "فێمینیستێکی مارکسیستی پراکتیکی دیکۆنستراکتۆرالیست" وەسفدەکات. وتارە سەرەکیەکەی، ئایا ژێردەستە دەتوانێت قسەبکات؟ (1985) کە لە گۆڤاری Wedge بڵاوکرایەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن دەنگە پەراوێزخراوەکان بە تایبەت دەنگی ژنانی ژێردەستە، بەهۆی ڕێگریی مێژوویی و فەلسەفی بە شێوەیەکی ڕێکخراو بێدەنگدەکرێن. کارەکانی بە گشتی ڕەوتێکی ڕەخنەیی بە خۆیەوە دەبینێت لە کۆلۆنیالیستەکان و ئەو دۆخەی کە دروستبووە لە پاش کۆلۆنیالیزم، بە شێوەیەکی تایبەتیش لەسەر دۆخی ژنان وەک بندەست کە چۆن دەتوانن لەسەر خۆیان قسەبکەن (Pandey, 2020, p. 145).

گایاتری سپیڤاک لە کارە سەرەتایەکانیدا ژێردەستەیی کۆن و نوێ دەخاتەبەرباس، ژێردەستەی "کۆن" بەو کەسانە پێناسەدەکات کە لە هەرەمی پێکهاتەی بزاوتی کۆمەڵایەتی دوورخراونەتەوە، واتە لە دەرەوەی پێکهاتەی دەسەڵاتن و ناتوانن بەشداری لە پێکهاتەی دەسەڵات و نوێنەرایەتیدا بکەن (Piu, 2023 :1265). ژێردەستەیی کۆن بە توندوتیژیی مەعریفی دیاریکراوە، واتە دەنگەکانیان لە گوتاری دەسەڵاتی سەردەستەدا دەسڕدرێتەوە یان چەواشەدەکرێت. سپیڤاک لە کۆتاییەکانی نەوەدەکان و سەرەتای ٢٠٠٠ چەمکی ژێردەستەی "نوێ"ی ناساند. ئەم چەمکە ئەوانە دەگرێتەوە کە هێشتا پەراوێزخراون، بەڵام ئێستا لە پێکهاتەی سیستەمی سەرمایەداری و جیهانگیریی نیولیبراڵدا جێگەی خۆیان کردوەتەوە (Piu, 2023, p. 1266). ژێرەستە نوێیەکان لە گرووپەکانی وەک کرێکارانی دووکان، کۆچبەرانی بێبەڵگەنامە و کۆمەڵگە ڕەسەنەکان پێکدێن کە لە ڕووی ئابوورییەوە دەچەوسێترێنەوە، بەڵام خوراگرن لەناو پێکهاتەی سیستەمە جیهانیەکاندا، بە پێچەوانەی ژێردەستەی کۆن کە بە تەواوەتی پەراوێزخرابوون، ژێردەستەی نوێ هەم ڕووبەڕووی هەڕەشە ماددیەکان و هەمیش هەڕەشە مەعنەویەکان دەبنەوە.

لە ڕوانگەی سپیڤاکەوە ژێردەستە وشەیەکی بەسوودە چونکە نەگۆڕ نیە. ئەم وشەیە دەتوانێت ئەو ناسنامانە لە خۆیدا جێگە بکاتەوە کە بەرنگاردەبنەوە وەک ژن و داگیرکراو. سپیڤاک تاکە کەسە لە ڕەخنەی دەقە کۆلۆنیالیەکاندا سەرنج لە ژن دەدات (اصغری و غلامی، 2019).

هەروەها تیۆرسێنێکی دیکە کە لەسەر پۆست-کۆلۆنیالیزم تێڕوانینی تایبەت بە خۆی هەبووە ئەوەیش هۆمی ک. بابایە، بابا لە ساڵی ١٩٤٩ لە شاری مومبای هیندستان لەدایکبووە. یەکێکە لە گرنگترین بیرمەندەکان، کە خاوەن تیۆریە لە کلتووردا بە تایبەت سەبارەت بە دۆخی پۆست-کۆلۆنیالیزم. هۆمی بابا لە چوارچێوەی کارەکانیدا کۆمەڵە چەمکێکی پەرەپێداوە لە هەناوی هزری پۆست-کۆلۆنیالیزمدا وەکو ئاوێتەبوون، لاساییکردنەوە، جیاوازی، دووفاقی. بە یارمەتی ئەم چەمکانە دۆخی پۆست-کۆلۆنیالیزم دەخاتەڕوو، جەختکردنەوە لەسەر ئاوێتەبوونی کلتوورەکان

هێنانەکایەوەی توندوتیژی لەنێوان کلتوورەکان لە چوارچێوەی کلتووری جیهانی پۆست-کۆلۆنیالیزمدا (Huddart, 2006: 6).

هۆمی بابا لە کتێبەکەی بە ناوی شوێنگەی کلتوور جگە لە باسکردنی چەمکە سەرەکیەکانی وەکو لاساییکردنەوە، دووفاقی و ئاوێتەبوون کە بۆ شیکردنەوەی سوژە کۆلۆنیالیزەکراوەکان ئەوانەی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی گوتاری ئیمپریالیزمدا گیرانخواردوە، ئاماژە بەوە دەکات کە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم هەرگیز ڕەها نیە بەو پێیەی بەردەوام لەلایەن دەزگای کۆلۆنیالیزمەوە لە ڕێگەی لاساییکردنەوە و گونجاندنێکی چەوسێنەرەوە تێکدەچێت، هەروەها کتێبەکەی لێکۆڵینەوە لە چەمکی سنوورە کلتووریەکان دەکات، کە جەخت لەسەر فەزای نێوان بەشەکان دەکاتەوە، ئەوەی بابا پێی دەڵێت "فەزای سێیەم"- کە کلتوورەکان تێیدا کارلێکدەکەن لە ئەنجامی ئەو کارلێکە مانای نویَ لەنێوان ئەم کلتوورانەدا بەرهەمدێت (Bhabha, 1994).

یەکێک لە تیۆرسێنە دیارەکانی تری پۆست کۆلۆنیالیزم ئەکیل مومبێیە کە لە ساڵی ١٩٥٧ لە کامیرۆن لەدایکبووە، دکتۆرای لە زانستە سیاسیەکان لە شاری سۆربۆن (پاریس) بەدەستهێناوە، لە زانکۆی ویتواتەرسران (Witwatersrand) لە شاری جۆهانسبێرگ لە باشووری ئەفریقا مامۆستایە (Gržinić,2021:221)، مومبێی بیروبۆچوونی تایبەتی سەبارەت بە کۆمەڵگای ئەفریقا دارشت، دوای نەمانی دەسەڵاتی دەوڵەتانی کۆلۆنیال. لە چوارچێوەی تیۆریەکەیدا سەرنجدەخاتەسەر چەند چەمکێک وەک؛ دەسەڵات، توندوتیژی، خودگەرایی و میراتی بە جێماوی وڵاتانی داگیرکەر لە وڵاتانی داگیرکراودا. (Mbembe, 2001:25-28) سەبارەت بە میراتی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیزم کە بە شێوەیەکی گشتی سروشتێکی تاکرەوانە و توندوتیژیی هەیە. مبێمبیَ ئاماژە بەوە دەکات کە سەروەریی کۆلۆنیالیزم لە ڕێگەی پەیوەندیەکی خۆویستانە لەگەڵ یاسادا خۆی ڕێکدەخات، دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە کاریاندەکرد، کۆلۆنیالیزمەکان لە ڕێگەی توندوتیژی دامەزرێنەر، کە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی دامەزراند و

شەرعیەتدان  بە توندوتیژیی دەسەڵاتی خۆی بەرزڕاگرت، بەردەوامیدان بە توندوتیژی لە ڕێگەی سەرکوتی ڕۆژانە دەیتوانی کۆنترۆڵی ژێردەستەکانی بکات. ئەم میکانیزمانەی زاڵبوون بناغەی خودگەرایی لە کۆلۆنیادا دانا و بەردەوامبوو لە حوکمڕانی پۆست-کۆلۆنیالیزمدا (Mbembe, 2001:25-36).

ئەکیل مومبێ لە باسی کاریگەریەکانی پۆست-کۆلۆنیالیزمدا چەمکی نەکرۆپۆلیتیک دەخاتەبەرباس، کە دەسەڵات بڕیاردەدات کێ دەتوانێت بژی و کێ دەبێت بمرێت ( Mbembe, 2003:11). ئەو لە چەمکی دەسەڵاتدا سوود لە میشێل فۆکۆ وەردەگرێت، کە سەرنج دەخاتە سەر لایەنی کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت بەسەر کایەکانی تری ژیاندا، ئاماژە بە دەسەڵاتی سیاسیی مۆدێرن دەکات کە زیاتر لە ڕێگەی توندوتیژی و ڕێکخستنی مردنەوە بەکاردەهێنرێت نەک بەڕێوەبردنی ژیان (Mbembe, 2003: 12). نەکرۆپۆلیتیک باسی سیاسەتی مردن دەکات و ئەوەی کە پەیوەندی بە بابەتاکانی دەسەڵات و سەروەری لە جیهانی پۆست-کۆلۆنیالدا هەیە. کاری ئەکیل مومبێ پێداگیری لەسەر میراتی کۆلونیالیسم دەکات، واتە وڵاتانی کە  پێشتر کۆلۆنی وڵاتێکی تر بووە و ئێستا بە ڕواڵەت سەربەخۆیە، بەڵام میراتی کۆلۆنیالیزم تیایدا بەردەوامە (Gržinić,2021:222).

## 4 توێژینەوەی پێشوو لەبارەی کۆچ لە پەیوەندیدا بە تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم:

لە ئەدەبیاتی نوێی زانستە مرۆڤایەتیەکاندا ڕێژەیەکی زۆر توێژینەوە لە کایە جیاوازەکانی ئەدەبیات، توێژینەوە کلتووریەکان، کۆمەڵناسی... لەبارەی پۆست کۆلۆنیالیزم نووسراون. بەڵام ئەوەی جێگەی بایەخی ئێمەیە لەم توێژینەوەیەدا، ئەو توێژینەوانەن کەوا  پەیوەندیی نێوان کۆچ و کۆلۆنیالیزم دەردەخەن، بۆیە ئێمە کۆمەڵێک توێژینەوە دەخەینەڕوو لەو بارەوە.

توێژینەوەی توێژەران (Schrover, M.L.J.C.; Moya, J.C.) بە ناونیشانی: کۆچە کۆلۆنیالی و پۆست کۆلۆنیالیزمیەکانی ترانزئەتڵەسی لە کاریبی بەریتانیا و هۆڵەندی و فەڕەنسی). لە ساڵی (٢٠٢١) ئەنجامدراوە.

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی تیشک دەخاتە سەر کۆچی مێژوویی و هاوچەرخ لە نێوان کاریبی و ئەروپادا، وەک لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێدراوە بەر لە ١٩٤٥ کاریبی کۆچێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، کە لە دانیشتووان و بازرگانانی ئەورووپییەوە دەستیپێکرد و دواتر ملیۆنان ئەفریقی بەکۆیلەکراو، کە بە هۆی بازرگانیی کۆیلەکان و لە ڕێگەی ئەتڵەسیەوە هێنران، هەر یەکە لە کۆڵونیالەکانی بەریتانیا، فەڕەنسا و هولەندیەکان کە کۆنترۆڵی خاکی کاراییبیان کردوە، هۆکاربوون بۆ سەرهەڵدانی جۆرە جیاوازەکانی کۆچ، ئەم داگیرکاریانە بوونە هۆی ئەوەی کە کاراییب ببێتە جێگەی توانەوەی کلتووره جۆراوجۆرەکان لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی دانیشتوانی ئەرووپا، کۆیلەی ئەفریقی و کرێکارانی دیکە. زیاتر سەرنجدەخاتەسەر خاکی کاراییب کە بەشێوەکی قوول بە هۆی لەچوارچێوەدانی، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی کۆچکردن لە کەنارەکانی کاراییب بەرەو ئەوروپا بە تایبەت بۆ وڵاتە کۆلۆنیالەکانی وەک بەریتانیا، فەڕەنسا و هۆڵەندا ڕوو لە هەڵکشان بوو. کۆچبەران سودمەندبوون لە هەندێک ئیمتیازاتەکان وەک هاوڵاتیبوون، شارەزایی زمان، ئاشنابوون بە کلتووری ئەوروپی، هەروەها زیانەکانیش وەک ئەوەی کەوا بەردەوام ڕووبەڕووی شێوازێک لە ڕەگەزپەرەستی بوونەتەوە لەلایەن وڵاتانی کۆلۆنیالەوە.

لەم توێژینەوەیەدا چەندین چوارچێوە و چەمکی تیۆری بەکارهێنراون بۆ شیکردنەوەی ڕەوتی کۆچکردن، تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم هەر یەک لە چەمکەکانی سزا و پاداشتی پۆست کۆلۆنیالیزم کە باسی ئەو سوود و زیانانە دەکات کە کۆچبەرانی کاراییب بە هۆی دروستبوونی پەیوەندی لەگەڵ کۆلۆنیالیزمەکانەوە توشی هاتن. لەژێر چەتری تیۆری پۆست- کۆلۆنیالیزمەوە

چەندین لایەنی دیکە باس دەکرێن، وەک میراتی کۆلۆنیالیزم، تیۆری ناسنامەی تێکەڵاو، مودێلەکانی پاڵنان و ڕاکێشان، وابەستەیی ئابووری...

ئەنجامی توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر شێوازە جیاوازەکانی کۆچکردنی کاریبی، کە لە مێژووی کۆلۆنیالیزم و وابەستەیی ئابووری و تێکەڵاوی کلتوورییەوە سەرچاوەیان گرتوە. لە کاتێکدا کۆچبەرانی کاریبی سوودمەندبوون لە زمان و هاوڵاتیبوونی هاوبەش لە ئەورووپا (بۆنوسی پۆست-کۆلۆنیالیزم)، هەروەها ڕووبەڕووی جیاکاریی ڕەگەزی و هەڵاواردنەکان بوونەتەوە (ماڵوسی پۆست-کۆلۆنیالیزم)، کە کاریگەرییەکی بەرچاویشی لەسەر یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و ئابووریییان هەبووە. لە کۆتایی ئاماژە بە بەرزبوونەوەی ڕێژەکانی کۆچی پێچەوانە بۆ کاریب دەکرێت، دەرفەتە ئابوورییەکان بوونە هۆی ئەوەی کە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی ناوچەکە و کۆچی بەردەوام بەهێزبکرێت.

توێژینەوەی توێژەران (Adeyanju, C. T., & Oriola, T. B) بە ناونیشانی کۆلۆنیالیزم و کۆچی هاوچەرخی ئەفریقی: میتۆدی دیاردەناسی، لە ساڵی (٢٠١١) ئەنجامدراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دیاردەی کۆچی ئەفریقیەکان بۆ ڕۆژئاوا دەکۆڵێتەوە، بە بەکارهێنانی چوارچێوەیەکی دیاردەناسی بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتیی هەستکردن و نوێنەرایەتی و بەڕێوەبردنی کۆچبەران و ئەزموونەکانیان. توێژەران دەڵێن کۆچکردن تەنیا بەهۆی بێبەشی ئابوورییەوە نییە، بەڵکو بە قووڵی لەگەڵ هۆکارە کلتووری، دەروونی و مێژووییەکاندا ئاوێتەبووە، بە تایبەتی میراتی کۆلۆنیالیزم.

توێژینەوەکە بە سوودوەرگرتن لە تیۆری دراماتۆرگیی ئێرڤینگ گۆفمان" شانووی پێشەوە" و " شانووی دواوە " تیشکدەخاتەسەر ئەوەی کە چۆن کۆچبەرانی ئەفریقی کاریگەرییەکان بەڕێوەدەبەن بۆ پاراستنی پێگە لەناو کۆمەڵگەی باوباپیرانی خۆیاندا، زۆرجار ژیانیان وەک

شتێکی سەرنجڕاکێش لە ڕێگەی سۆشیال میدیا و چیرۆکگێڕانەوە نیشاندەدەن. ئەم نوێنەرایەتیە کاریگەری لەسەر کۆچبەرە ئەگەریەکان هەیە و سووڕێکی ئاواتەکانی کۆچکردن دروستدەکات.

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە میتۆدی چۆنایەتی، کە پشت بە چوارچێوەیەکی دیاردەناسی دەبەستێت بۆ لێکدانەوەی ئەزموونی ژیانی کۆچبەرانی ئەفریقی، هەروەها سوود لە داتای دەستی دووی چۆنایەتی وەردەگیرێت لەوانەش لێکۆڵینەوەکانی پێشوو و گێڕانەوەی ئێتنۆگرافی، بۆ لێکدانەوەی ئەوەی کە چۆن هۆکارە مێژوویی، کلتووری و کۆمەڵایەتیەکان ئاواتەکانی کۆچکردن لە لەلایەن تاکاکەکانەوە ئاراستەدەکەن.

ئەو ئەنجامەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتوە سەبارەت بە کۆچی ئەفریقیەکان بۆ ڕۆژئاوا:

١- کۆچی ئەفریقیەکان بۆ ڕۆژئاوا دیاردەیەکی ئاڵۆزە کە نەک تەنها هۆکارە ئابووریەکان بەڵکو ڕەهەندە کلتووری، دەروونی و مێژووییەکانیش کاریگەرییان هەیە.

٢- میراتی کۆلۆنیالیزم ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت، تەنانەت لە دوای نەمانی هێزی وڵاتە کۆلۆنیالەکان لە داڕشتنی تێڕوانینەکانی ئەفریقا بۆ ڕۆژئاوا وەک شوێنێکی باڵاتر و خوازراو بە بەراورد بە ئەفریقا وەک شوێنێکی کەم گەشەسەندوو. ئەم شێوە تێڕوانینە کە لەلایەن میدیای جەماوەری و لایەنە کلتووریەکان بەهێزدەکرێت بە شێوەیەکی سەرەکی خاوەن کاریگەریە و بەشدارە لە خواستەکانی کۆچبەران، لە بەرانبەردا کۆچبەران تێڕوانینی جیا دەخەنەڕوو لە بارەی وڵاتەکانیان و بابەتگەلێکیش دەشارنەوە کە لە وڵاتانی دیکەدا جێگەی باسن، واتە لایەنە ئایدیالیزەکراوەکانی ژیانیان پێشکەش بە کۆمەڵگاکانیان دەکەن لە وڵاتی خۆیان، بەمەش سەرنجڕاکێشی کۆچکردن بەردەوامی بە خۆی دەدات.

٣- توێژینەوەکە داوای میتۆدی دیاردەناسی دەکات بۆ تێگەیشتن لە کۆچی ئەفریقا، کە گرنگی بە ئەزموونی ژیانی کۆچبەران و هۆکارە ماددی و سیمبۆلیەکان دەدات. توێژەران پێشنیازی بەکارهێنانی شێوازەکانی توێژینەوەی چۆنایەتی دەکەن بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی کۆچ.

توێژینەوەی توێژەر (Hendrickson Burleigh) بە ناونیشانی (کۆلۆنیالیزم، کۆچی هزری و زانکۆی نوێی ئەفریقا). لە ساڵی (٢٠٢٢) ئەنجامدراوە.

ئەم توێژینەوەیە ئاورێک لە داینامیکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆڵی پرۆسەی پەروەردەی کۆلۆنیالیزم دەداتەوە لە کاریگەری خستنەسەر دەوڵەتانی بەکۆلۆنیکراوی فەڕەنسا (ئەفریقای ڕۆژئاوا و تونس). بەپێی توێژینەوەکە سیستەمی پەروەردەی کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسی هێشتا بەردەوامی بە کاریگەریی خۆی دەدات لەسەر کۆمەڵگاکانی پۆست کۆلۆنیالیزم لە هەر یەکە لە وڵاتانی سەنیگال و تونس. لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن دامەزراوە کۆلۆنیالیزمیەکان کاردەکەن لە پێناو تواندنەوەی دەستەبژێری ناوخۆیی ئەو وڵاتانە، هەریەکە لە سەرکردەکانی دوای سەربەخۆیی ئەو وڵاتانە وەک حەبیب بورگویبا و لیۆپۆڵد سێدار سێنگۆر هەوڵیاندا پەروەردەی مۆدێرن بەنیشتمانییکەن لە هەمان کاتدا لەگەڵ کاریگەری و وابەستەیی نیو-کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسی دەجەنگان. زانکۆکان بوونە هێمای پێشکەوتن و شوێنی بەرخۆدانی سیاسی، لە چالاکیە بەردەوامەکانی خوێندکاراندا لە دژی میراتی کۆلۆنیالیزم بەردەوامییان بە خۆ دەدا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم توێژینەوەیەدا، بریتیە لە جەختکردنەوە لەسەر پاڕادۆکسی زانکۆکانی پۆست کۆلۆنیالیزم چ وەک پاشماوەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم و چ وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی سەروەری و ناسنامەی نەتەوەیی، کە ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزیە بەرفراوانەکانی کۆلۆنیالیزەکردنە. خوێندکاران بەردەوام بوون لە چالاکیەکانیان لە دژی وڵاتی کۆلۆنیالیزم لە دوو لایەنەوە، دژایەتی کاریگەریی کلتووری وڵاتی کۆلۆنیال و هەوڵدان بۆ چاککردنی کەموکورتیی وڵاتی خۆیان.

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە میتۆدی چۆنایەتی، جۆری شیکاریی مێژوویی و خوێندنەوەی کەیسی بەراوردکاری. کەیسەکان بریتین لە هەردوو وڵاتی سەنیگال و تونس،

توێژەر سوود لە تومارە مێژووییەکان، بەڵگەنامەی مێژوویی، سیاسەتی پەروەردەی وڵاتی داگیرکەر لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم وەردەگرێت.

تیۆری بەکارهاتوو لەم توێژینەویەدا، تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزمە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی سوود لە چەمکی ئەشیل مێمبێ وەرگیراوە سەبارەت بە "ژیان دوای ئیمپراتۆریەت"، بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم تیۆریە تیشکدەخاتەسەر ئەوەی کە چۆن میراتی کۆلۆنیالیزمەکان وەک سیستەمی پەروەردە لە چوارچێوەی پۆست کۆلۆنیالیزمدا بەردەوام دەبن. دامەزراوەی تێکەڵاو دروستدەبن لە ئەنجامی داگیرکاریی درێژخایەنی وڵاتانی کۆلۆنیالیزم و میراتیان بەردەوامی بە خۆیان دەدەن لە وڵاتانی کۆلۆنیدا و هەوڵەکانی نەتەوەی داگیرکراو بۆ سەربەخۆیی  و ناسنامەی نەتەوەیی و سەروەری لەو تێکەڵاوییە سەرچاوەدەگرن.

ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە بریتیە لەوەی کە سیستەمی پەروەردەی کۆلۆنیالیزم کاریگەریەکی قوول و بەردەوامی لەسەر کۆمەڵگاکانی ئەفریقا تەنانەت لە قۆناغی پۆست-کۆلنیالیزمیشدا هەیە، بە تایبەت لە هەر یەکە لە وڵاتانی سەنیگال و تونس. زانکوکان کە وەک بەرهەمی سەردەمی کۆلۆنیالیزم دێنەهەژمار هەم خەباتیان دەکرد لە دژی سیستەمی کۆلۆنیالیزم و هەمیش بەو سیستەمە کاریگەر بوون. جۆرێک لە دژیەکیی خۆی نیشاندەدات کە لە لایەک زانکۆکان هێمای پێشکەوتن بوون و خەڵک و دەستەبژێرەکانیان بۆ گەشەپێدان ئامادەدەکرد. لەلایەکی ترەوە، پەیوەندییان لەگەڵ مەنهەجی فاکەڵتیی فەرەنسیدا پاراست، ئەمەش بریتیە لە دۆخی نیو-کۆلۆنیالیزم کە بەردەوامیی کۆلۆنیالیزمە و سەروەریی تەواوەتی سنووردارکرد. ئەم جۆرە دژیەکیە زۆر جار دەبێتە هۆی دروستبوونی گرژیەک لە نێوان خواستی ناسنامەی نەتەوەیی و پێوستیی کردەکەی بە پشتیوانیی دەرەکی.

توێژینەوەی توێژەران ( Samson Adesola Adesote – Babatunde Olabiyi Osiyale) بە ناونیشانی کۆلۆنیالیزم، کۆچ و دەرکەوتنی فەزا شارنشینیەکان لە نەیجیریای کۆلۆنیالیدا، لە ساڵی (2023) ئەنجامدراوە.

توێژینەوەکە سەرنجدەدات لەوەی کە چۆن سیاسەتەکانی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ بۆ ١٩٦٠ کۆچکردن و شارنشینییان لە نەیجیریادا ئاراستەکردوە، ئەم کۆچکردنە بووە هۆی گۆڕینی ناوچە گوندنشینەکان بۆ ناوەندی شارنشینی لە ڕێگەی پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری، دروستکردنی هێلی ئاسن، ڕێگاوبان و بەندەرەکان. هەر لەم میانەدا تیشکدەخاتەسەر سێ ڕەوتی کۆچکردنی گوندنشینان بۆ گوندەکان بۆ دەستبەرکردنی دەرفەتی کشتوکاڵی، کۆچی ناوچەیی کە لە نێوان پارێزگاکاندا بووە، هەروەها لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان بە هۆی گەشەی ئابووری کە دەرفەت لە شارەکاندا زیاتر بوو. لە ئەنجامی ئەم کۆچانە شارنشینی، گەشەی ئابووری و مۆدێرنیزاسیۆنی بەدوای خۆیدا هێنا، لە هەمان کاتدا بووە هۆی دروستبوونی جەنجاڵی، کەمیی ڕێژەی خانووبەرە، سەرهەڵدانی کێشەی زەوی، نایەکسانیی ئابووری – کۆمەڵایەتی، خراپیی دۆخی پاکوخاوێنی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

لەم توێژینەوەدا سوود لە تیۆری پاڵنان و ڕاکێشانی کۆچ لەلایەن ئێڤێرت لی وەرگیراوە، بە پیشاندانی ئەوەی کە چۆن سەختیە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان لە ناوچە گوندنشینەکان دەبنە فاکتەری پاڵنان بەرەو کۆچ و لە بەرانبەردا دەرفەتەکان لە ناوەندی شارەکان وەک فاکتەری ڕاکێشانی دیاردەی کۆچ لە نەیجیریای کۆلۆنیالیدا وێنادەکرێت. هەروەها سوود لە تیۆرە ئابووریەکانی شارنشینی وەرگیراوە بۆ شیکردنەوە و دەرخستنی کار و دەرفەتاکان لە گوندەکان و ناوەندی شارەکان لە ڕووی ئابووری سیاسی و کۆمەڵاتیەوە.

ئەنجامەکان بریتین لەوەی کە سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا بە شێوەیەکی بەرچاو شارنشینی لە نەیجیریادا ڕێکخستوە بە هاندانی کۆچی گوندنشینەکان بۆ شارەکان لە ڕێگەی

پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و چاکسازیی ئیداری. لە کاتێکدا ئەم جۆرە سیاسەتانە ناوچە شارنشینیەکانی مۆدێرن کرد و دەرفەتی ئابووریان ڕەخساند، بەڵام لە هەمان کاتدا بووە هۆی قەرەباڵغی، نایەکسانیی ئابووری- کۆمەڵایەتی، کێشەی زەوی، پیسبوونی ژینگە و بڵاوبوونەوەی نەخوشی. میتۆدی مێژووی، شیکاری و وەسفی تێدا بەکارهاتوە.

توێژینەوەی توێژەر (P.C. Emmer) بە ناونیشانی فراوانخوازی و کۆچی ئەوروپی؛ ڕابردووی کۆلۆنیالی ئەوروپی کۆچی نێوان کێشوەرەکان، لە ساڵی (1990) ئەنجامدراوە.

بابەتی ئەم توێژینەوەیە باسکردنە لە دیاردەی کۆچ لە ساڵی ١٥٠٠ بەدواوە، بە شێوەیەکی سەرەکی تیشکدەخاتەسەر جۆرە مێژووییەکانی کۆچی نێوان کێشوەرەکان، سەرنج دەخاتە سەر کاریگەریە هەمەلایەنەکانی فراوانبوونی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی لەسەر دیمۆگرافیا، ئابووری و کلتوورەکان لە جیهاندا. ئەوروپیەکان لە بڵاوبوونەوەیاندا توانیان بەسەر ڕەوتی کۆچدا زاڵبن. بە تایبەتی لە دوای ساڵی ١٨٠٠. لەو بڵاوبوونەوەیاندا توانییان قازانجی بەرچاوی دیمۆگرافی و ئابووری-کۆمەڵایەتی بە نیشتەجێبوون لە کۆلۆنیەکان بەدەستبێنن، پەرەپێدان بە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان و هێنانەخوارەوەی گوشارە ئابووریەکان لە ناوخۆدا، بە پێچەوانەوە هەریەکە لە کێشوەرەکانی ئەفریقا و ئاسیا بە شێوەیەکی سەرەکی ڕووبەڕووی کۆچی زۆرەملێ هاتن لە شێوەی کۆیلایەتی و گرێبەستی کار، کە لە ئەنجامدا دانیشتوانی ئەوروپی باڵادەستیی کلتووریی خۆیان پاراست، لە بەرانبەردا کۆچبەرانی ئەفریقی و ئاسیایی ڕووبەڕووی بەربەستی بەرچاو بوونەوە لەبەردەم پاراستنی کولتووری و بزاوتی ئابووری-کۆمەڵایەتی. بە شێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بە نایەکسانی و میراتە بەردەوامەکانی کۆچی کۆلۆنیالیزم دەکات کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە لە داڕشتنی پێکهاتە دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی-ئابووریە جیهانیەکان.

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی بەکارهێناوە بۆ بەدواداچوون بۆ ئەوەی کە چۆن بەرفراوانبوونی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی و سیستەمی ئابووریی

جیهانی کۆچی نێوان کێشوەرەکان، داگیرکردنی کار و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی-ئابوورییان بە سەنتەر کردوە بۆ ئەوروپا. جگە لەوە تیۆری وابەستەییش لەم توێژینەوەیەدا ڕەنگیداوەتەوە، کە تیشکدەخاتەسەر پەیوەندیە نایەکسانەکانی نێوان ئەوروپا و کۆلۆنیەکانی، ئەوروپا بە شێوەیەکی نارێژەیی لەسەر حیسابی دانیشتوانی ئەفریقا و ئاسیا سوودی لێ وەرگرتوە. میتۆدی شکاری و بەراوردکار لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوە.

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە فراوانبوونی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی بە شێوەیەکی قووڵ کۆچی نێوان کیشوەرەکانی فۆرمالیزەکردوە، لەو ڕووەوە ئەوروپیەکان پێشکەوتنی دیمۆگرافی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و باڵادەستیی کلتووریی خۆیان سەپاندوە. لە بەرانبەردا ئەفریقیەکان و ئاسیاییەکان بە شێوەکی زۆرەملێ ڕێی کۆچیان گرتوەتەبەر، تووشی زیانگەلێکی ڕێکخراو بوون، وەک ڕێژەی بەرزی مردن، دەرفەتی سنووردار و سەرکوتکردنی کلتووری. کۆچەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بۆ ئەوروپا لە وڵاتانی کۆلۆنیکراوەوە زیاتر ڕەنگدانەوەی ئەم سیستەمە مێژووییانەن، چونکە کۆچبەرانی پێشووی کۆلۆنیالیزم بەشدارییان لە بووژانەوەی ئەوروپادا کردوە، بەردەوامیش ڕووبەڕووی ئاستەنگە کۆمەڵایەتی-ئابووری و کلتووریەکان دەبوونەتەوە. توێژینەوەکە جەخت لەسەر نایەکسانیی بەردەوام و گۆڕانکاریە دیمۆگرافیە جیهانیەکان دەکاتەوە کە ڕەگ و ڕیشەیان لە ڕابردووی کۆلۆنیالیزمدا هەیە، کە تا ئەمڕۆش بەردەوامن لە داڕشتنی داینامیکی کۆچ و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان.

توێژینەوەی توێژەران (Vezzoli, S., & Flahaux, M. L.) بە ناونیشانی پەیوەندیەکانی پۆست کۆلۆنیالیزم و سیستەمەکانی کۆچکردن چۆن پێداویستیەکانی ڤیزەی گەشتکردن فۆرمالیزە دەکەن؟ کەیسی نەتەوە کاریبیەکان). لە ساڵی (2017) ئەنجامدراوە.

ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر وڵاتانی کاریبی، لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن پەیوەندیەکانی پۆست-کۆلۆنیالیزم و سیستەمەکانی کۆچکردن کاریگەرییان لەسەر سیاسەتەکانی

ڤیزەی گەشتیاری هەیە. بە پێی توێژینەوەکە پەیوەندیەکانی پۆست-کۆلۆنیالیزم کاریگەریی جیاوازیان بۆ هەر یەکە لە فەرەنسا، هۆڵەندا، بەریتانیا و ئەمریکا هەیە، بە بەکارهێنانی زانیاریەکانی داتابەیس ڤیزەی DEMIG [١] (1973–2013) بۆی دەردەکەوێ کە پەیوەندیە مێژووییەکانی کۆلۆنیالیزم زۆرجار سیاسەتی ڤیزا ئاراستەدەکەن، بەڵام ڕادەی مامەڵەی ئیمتیازات بەپێی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی پێشوو دەگۆڕێت بۆ نموونە فەرەنسا و هۆڵەندا بە گشتی لەگەڵ کۆلۆنیەکانی پێشوویاندان شێوازی سیستەمی کراوە واتە جوولەی ئازاد هەیە بۆ دەوڵەتی کۆلۆنیالی پێشوو، لە کاتێکدا بەریتانیا مەرجەکانی ڤیزەی نەرم بەکاردەهێنێت بەبێ گوێدانە پەیوەندیە کۆلۆنیالیزمەکان و ئەمریکاش سنووردارکردنی توندتر دەسەپێنێت، ئەمانەش جۆرێک لە شێوازی سیستەمی داخراون، واتە جوولەی سنووردار بۆ دەوڵەتی کۆلۆنیالی پێشوو. بۆ شیکاری ئەم بابەتە تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم تێدا بەکارهاتوە.

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە میتۆدی شیکاری-چەندایەتی وەرگیراوە، بە بەکارهێنانی داتابەیس ڤیزەی DEMIG (1973–2013) بۆ بەدواداچوون و بەراوردکردن لە پێداویستیەکانی ڤیزەی دوو لایەنە لە سەرانسەری 25 وڵاتی کاریبی و دەوڵەتە کۆلۆنیالیزمەکانی پێشوویان، بۆ شیکردنەوەی کاریگەریی پەیوەندیەکانی پۆست-کۆلۆنیالیزم و سیستەمەکانی کۆچکردن لەسەر سیاسەتەکانی ڤیزا بە تێپەڕبوونی کات. سوود لە ڕێبازی مێژوویی بەراوردکاریش وەرگیراوە. ئەو تیۆریانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون بریتین لە تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم، تیۆری سیستەمی کۆچکردن و تیۆری دابەشبوونی بزاوتی جیهانی (Global Mobility Divide Theory).

بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بێت پەیوەندیەکانی پۆست-کۆلۆنیالیزم و سیستەمەکانی کۆچکردن کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر پێداویستیەکانی ڤیزەی گەشتکردن بۆ هاوڵاتیانی کاریبی هەیە، بەڵام کاریگەریەکان بەپێی دەسەڵاتی وڵاتی کۆلۆنیالیزم دەگۆڕێت، ئەو وڵاتانەی

سیستەمی کۆچبەری کراوەیان هەیە بە گشتی سنووردارکردنی کەمتریان هەیە، بە پێچەوانەی ئەوانەی سیستەمی داخراویان هەیە، لەسەر ئاستی جیهاندا ڕووبەڕووی بەربەستی زیاتر دەبنەوە. هەرچەندە ڕێککەوتنە ناوچەییەکانی وەک کاریکۆم[٢] پێداویستیەکانی ڤیزەی ناو ولآتانی کاریبی بە گشتی بەرجەستەکردوە، بەڵام نایەکسانیی گەشتەکان لە جیهان بەردەوامن، ئەوەش ڕەنگدانەوەی میراتە مێژووییەکان و سیاسەتەکانی کۆچکردن و بەرژەوەندیە جیۆپۆلەتیکی و ئابووریە هاوچەرخەکانی ولآتانی کۆلۆنیالیزمە.

تویژینەوەی تویژەران (Emmer, P. C., & Lucassen, L.) بە ناونیشانی کۆچکردن لە کۆلۆنیەکانەوە بۆ ئەورووپای ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٨٠٠ەوە، لە ساڵی (٢٠١٩) ئەنجامدراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە ڕەهەندەکانی مێژوویی، ئابووری و کلتووریەکانی کۆچکردن لە کۆلۆنیەکانەوە بۆ ئەورووپا دەکۆڵێتەوە، سەرنج خراوەتە سەر سەردەمی کۆلۆنیالیزم تا کۆتایی سەدەی بیستەم. پرۆسەی  کۆچ لە سەرەتادا کۆیلە ئەفریقیەکان و کرێکارانی گرێبەستی دەگرتەوە، کە بەهۆی زۆرلێکردنی کۆلۆنیالیزمەوە ناچار بە هەموو کارێک دەکران. لە سەدەی بیستەمدا دوای جەنگە جیهانیەکان و وەدەرنانی ولآتانی کۆلۆنیالیزم دیاردەی کۆچ ئاراستەیەکی بەرفراوانی وەرگرت. کەمیی هێزی کار و ئاڵۆزیی سیاسی لە دوای جەنگ هۆکاری سەرەکیی کۆچبەران بوون، ئەوانەش زیاتر بریتی بوون لە پەنابەران و کۆچبەرانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین. بە شێوەیەکی بنەڕەتی کۆچبەران بەشدارییەکی کارایان هەبوو لە پێشخستنی ئابووری و هەمەجۆریی کلتووریی ئەورووپادا. ئەم ڕەوتە مێژووییەی کۆلۆنیالیزم بووە هۆی کۆچکردن، کە تیشکدەخاتەسەر میراتە بەردەوامەکانی کۆلۆنیالیزم و کاریگەریەکانی کۆچکردن لەسەر کۆمەڵگا ئەورووپیەکان. بە مەبەستی شیکاری و لێکدانەوە. لەم توێژینەوەیەدا هەر یەکە لە تیۆرەکانی شیکاریی مێژوویی، تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم، تیۆری سیستەمی جیهانی، تیۆری پاڵنانی و ڕاکێشانی کۆچ، تیۆری یەکگرتنی کۆمەڵایەتی -کلتووری و تیۆری مرۆیی و پەنابەران

سوودیان لێ وەرگیراوە. میتۆدی بەکارهاتوو بریتیە لە میتۆدی تێکەڵ چۆنایەتی و چەندایەتی بۆ کۆکردنەوەی داتا، کە لە هەر یەکە لەم میتۆدانە لە چەند لایەن کارکراوە بۆ بەدەستهێنانی داتاکان.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە کۆچکردن لە کۆلۆنیەکانی پێشووەوە بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا کاریگەریەکی قووڵی لەسەر هەر دوو گرووپ لە کۆچبەران و کۆمەڵگە میواندارەکان هەبووە. کۆچبەران وەک بریکاری ئاڵوگۆڕی کلتووری ڕۆڵیان دەگێڕا، نەریت و پراکتیکەکانیان دەناساند و لە هەمان کاتدا ئابووری و دیمۆگرافیای ئەوروپایان داڕشتەوە. بەڵام هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی شوناسە کلتوورییەکانیان زۆرجار ڕووبەڕووی ئاستەنگ بوونەوە، لەوانە بێمتمانەیی کۆمەڵایەتی، ململانێی یەکگرتن و سنووردارکردنی سیاسەت، کە ڕەنگدانەوەی میراتە ئاڵۆزەکانی کۆلۆنیالیزم و کۆچکردن بوو لە مێژووی مۆدێرنی ئەوروپادا.

توێژینەوەی توێژەران ( Lemberg-Pedersen, M., Pincock, K., Boeyink, C., & Adderley, L. R.) بە ناونیشانی کۆلۆنیالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم و لێکۆڵینەوە لە کۆچی زۆرەملێ لە ساڵی (٢٠٢٤) ئەنجامدراوە.

ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر کاریگەریە بەردەوامەکانی کۆلۆنیالیزم لەسەر کۆچی زۆرەملێ لە سەردەمی مۆدێرندا دەکاتەوە، بە سوودوەرگرتن لە هەر یەکە لە تیۆریەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم و دیکۆلۆنیالیزم بۆ بەدواداچوون لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم لە داڕشتنی سیاسەتەکانی کۆچی سەردەمی هاوچەرخدا، سەرنجدەخاتەسەر چۆنیەتیی بەردەوامیی پرۆسەی ئاوارەیی سەردەمی ئیمپراتۆری و ڕژێمە سنووریەکانی ئێستا، لەم توێژینەوەیە کەیسی مێژوویی وەردەگرێت وەک نیشتەجێکردنی بەریتانی دژە کۆیلایەتی لە کاریبی، سیاسەتەکانی کۆچبەری فەرەنسی لە مایۆت و کۆنترۆڵکردنی پەنابەری لە ئوسترالیا.

ئەنجامی بەدەستهاتوو بریتیە لە جەختکردنەوە لەسەر کاریگەریی بەردەوامی میراتە کۆلۆنیالیزمەکان لەسەر دەسەڵاتی کۆچی زۆرەملێی هاوچەرخ، ڕێبازەکانی پۆست-کۆلۆنیالیزم

و دیکۆلۆنیالیزم بۆ بەدواداچوونی ڕەخنەگرانە لەم بەردەوامیانەدا بە پێوسیت دەزانێت، لە ڕووی ئەخلاقیەوە داوای ڕەنگدانەوەی زیاتر دەکات لە توێژینەوەکانی سەبارەت بە کۆچکردن، هەروەها داوا لە زانایان دەکات کە ڕەخنە لە ئاستەنگی گێڕانەوەی پۆرۆسەنتری بگرن و لە دژی بوەستن و خۆیان دووربگرن لە لایەنگیریکردن لە وڵاتانی پۆرۆسەنتەرەکان. توێژینەوەکە بانگەشە بۆ ڕۆشنبوونەوە سەبارەت بە شیکاریی مێژوویی و سیاسی کە کاریگەریان لەسەر کۆچی زۆرەملێ لە لایەن کۆلۆنیالیزمەکانەوە هەیە، سەرچاوەدەگرێت، کە دەنگە پەراوێزخراوەکان گەورەتر دەکات و بەرەنگاری بەردەوامبوونی هەژموونی کۆلۆنیالیزم دەبێتەوە لە سیاسەتەکانی کۆچکردندا.

توێژینەوەی توێژەران (Riley, D., & Emigh, R. J.) بە ناونیشانی: گەشتەکانی پۆست کۆلۆنیالیزم: ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی کۆچبەری و ئاوێتەبوون، لە ساڵی (٢٠٠٢) ئەنجامدراوە.

لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن دەسەڵاتە کۆلۆنیالیزمەکان کاریگەرییان خستووتە سەر پێکهاتەی وڵاتانی بەکۆلۆنیکراو، ئەم توێژینەوەیە سەرنجدەخاتەسەر کۆچکردن و یەکگرتنی پۆست کۆلۆنیالیزم. میتۆدی مێژوویی بەراوردکاری بەکارهاتوە، توێژەران شیکاری بۆ هەریەکە لە وڵاتانی ئێریتریا و سۆماڵ دەکەن، ئەو دوو وڵاتە وەک کەیسی توێژینەوەکە وەرگیراون، هەر یەکە لە ئێریتریا و سۆماڵ کۆلۆنی پێشووی ئیتالیا بوون، دەوڵەتی ئێریتریا کە خاوەنی سیستەمی چینایەتیی نیمچە فیۆداڵی و میراتی مەسیحیە توانیان لەگەڵ ئیتالیا بەردەوامیەک بە پەیوەندیەکانیان بدەن، ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر ڕەوتی کۆچ لە ئێریتریاوە بۆ ئیتالیا. وڵاتی سۆماڵ لەسەر بنەمای خێڵ و ناسنامەی ئیسلامی دامەزراوە، ئەمەش بووتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندیی سۆماڵ بە کۆلۆنیالیزمی ئیتالیەوە و کاریگەریشی هەبووە لەسەر کەمیی ئاراستەی کۆچ لە سۆماڵەوە بۆ ئیتالیا. تیۆرە بەکارهاتوەکان لەم توێژینەوەیەدا بریتین لە دامەزراوەگەرایی مێژوویی بەراوردکاری، میتۆدی جیاوازیی میل، تیۆری تۆڕی کۆچ، تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم و تیۆری سیستەمی جیهانی.

ئەنجامەکانی توێژینەوە ئەوە دەردەخەن، کە کارلێکی نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی پێش کۆلۆنیالیزم و کۆلۆنیالیزم بە شێوەیەکی گشتی ئاوێتەبوونی پێکهاتەکانی بابەتی کۆچی فۆرمالیزەکردوە، وەک پەیوەندیەکانی نزیکی دامەزراوە بەهێزەکانی ئێریتریا لەگەڵ ئیتاڵیا ئاسنکاریەکی زۆری بۆ کۆچکردن کردوە، لە بەرانبەردا بە هۆکاری ئەوەی کە پێکهاتە کۆمەلاتیەکانی سۆماڵ لەگەڵ پێکهاتەی دامەزراوەکانی کۆلۆنیالیزمەکەی جیاوازبوون هۆکاری کەمیی کۆچی سۆماڵیەکانە بۆ ئیتالیا و دابڕانی کۆمەڵایەتی زیاتر لە نێوانیاندا.

توێژینەوەی توێژەران (Sadiq, K., & Tsourapas, G) بە ناونیشانی دەوڵەتی کۆچبەری پۆست کۆلۆنیال، لە ساڵی (٢٠٢١) ئەنجامدراوە.

ئەم توێژینەوەیە باس لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کۆچ دەکات لە وڵاتانی باشووری جیهان کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمدا بوون. لەم چوارچێوەیەدا، وڵاتە تازە سەربەخۆکان لەنێوان دوو بەربەستی سەرەکیدا گیریان خواردوە: یەکەم، هەوڵدان بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەهێز و پاراستنی سەروەری. دووەم، مامەڵەکردن لەگەڵ سیستەمێکی دامەزراوەیی لاواز کە لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمەوە بۆیان ماوەتەوە.

توێژەران هیندستان و میسریان وەک نموونە وەرگرتوە بۆ شیکردنەوەی ئەم دۆخە. لە هیندستان، سیاسەتی کۆچ کاریگەری لە دابەشبوونی وڵات و کۆچی کرێکاران بۆ وڵاتانی کەنداو هەبووە. لە میسریش، کۆچ وەک ئامرازێک بەکارهاتوە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییاکانی عەرەب و دابەشکردنی هێزی کار، خاڵێکی گرنگی توێژینەوەکە ئەوەیە کە ئەم وڵاتانە هەندێک گرووپی کۆچبەریان لە پێش گرووپەکانی تر داناوە، ئەمەش لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی چینایەتی، نەتەوەیی و جیۆپۆلەتیکی. ئەم جیاکاریەش بووەتە هۆی قوڵبوونەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆمەڵگادا. میتۆدی شیکاری چۆنایەتی لەگەڵ توێژینەوەی کەیسی مێژوویی و بەراوردکاری تێکەڵکراوە بۆ بەداواداچوون بابەتی ئەم توێژینەوەیە.

تیۆری بەکارهاتوو بریتیە لە تیۆری دەوڵەتی کۆچبەریی پۆست کۆلۆنیال، ئەم تیۆریە چوارچێوەیەکی نوێ پێشکەشدەکات بۆ تێگەیشتن لە گرژیەکانی نێوان بنیاتنانی نەتەوە، توانای دامەزراوەیی و حوکمڕانی کۆچبەری لە دەوڵەتانی پۆست کۆلۆنیالیزمدا. ئەم تیۆریە بە شێوەیەکی سەرەکی لە کارەکانی جەیمس ئێف. هۆلیفیلدەوە سەرچاوەدەگرێت، کە تیایدا پارادۆکسی پۆست کۆلۆنیالیزم دەناسێنێت، ئەم پارادۆکسە باس لەوە دەکات کە دەوڵەتانی پۆست کۆلۆنیالیزم ڕووبەڕووی ئەو گرژیە ناوەکیە دەبنەوە کە لە نێوان پێویستیەکانی بنیاتنانی نەتەوەیەکی یەکگرتوو و توانای دامەزراوەیی سنووردراردا دروستدەبێت. لە کاتێکدا کۆچبەری و بزاوتی دانیشتوان دەبێتە هۆی ئاڵۆزیی زیاتر لە پرۆسەی حوکمڕانی و جێبەجێکردنی سیاسەتەکاندا.

ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە دەردەخات کە دەوڵەتی کۆچبەری پۆست کۆلۆنیال لە بەڕێوەبردنی کۆچ لە دەوڵەتانی پۆست کۆلۆنیالیزمدا بە شێوەیەکی قووڵ لەژێر کاریگەریی میراتی کۆلۆنیالی و لاوازیە دامەزراوەیەکان و ئاڵۆزیەکانی بنیاتنانی نەتەوەدایە. دەوڵەتانی وەک هیندستان و میسر دوای سەربەخۆیی، ڕووبەڕووی پارادۆکسی پۆست کۆلۆنیالیزم دەبنەوە، لە کاتێکدا هەوڵدەدەن ناسنامەی نەتەوەیی و سەروەریی بونیادبنێن لە هەمان کاتدا لەگەڵ چوارچێوە کۆلۆنیالیە میراتیەکان و توانای ئیداریی لاوازدا ململانێ دەکەن.

## 5 ئەنجام:

ئەم توێژینەوەیە گەشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم دەتوانرێ وەک چوارچێوەیەک سوودی لێ ببینرێت بۆ خوێندنەوەی کۆچ لە وڵاتانی باشوورەوە (ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بۆ وڵاتانی باکوور (ڕۆژئاوا).
- تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم تیۆرێکی ڕەخنەییە و بەرهەمی هزری تیۆردانەرانی وڵاتانی باشوورە. هەموو تیۆردانەرانی ئەم تیۆرە بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئەو وڵاتانەن کە سەردەمانێک لەلایەن وڵاتە ڕۆژئاواییە کۆلۆنیالەکانەوە داگیرکراون کە دیارترینیان: ئێدوارد سەعید، فرانتس فانۆن، گیاتری سپیڤاک، هۆمی بابا و ئەشیل میمبێ.
- هەموو ئەو توێژینەوانەی خراونەتەڕوو بۆ خوێندنەوەی کۆچ پشتیان بە تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم بەستوە بە تەنیا یان هاوکات لەگەڵ تیۆرێکی دیکە یان زیاتر، بەڵام تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم و چەمک و گریمانەکانی بە جۆرێک لە جۆرەکان ئامادەییان لەو توێژینەوانەدا هەبووە.
- هەموو توێژینەوەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کەوا پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان کۆچ و کۆلۆنیالیزم هەیە. ئەوەش پشتڕاستی گریمانەکانی تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم دەکاتەوە کە هێشتا وڵاتە کۆلۆنیەکان دوای ڕزگاربوونیشیان لە کۆلۆنیالیزم، بەدەست ئاکامەکانی کۆلۆنیالیزمەوە دەناڵێنن. کۆلۆنیالیزم بە قووڵی کاریگەری لەسەر کلتووری وڵاتە ژێردەستەکانی هەبووە و ئەوەی کە ئێستا خەڵکانێکی زۆر لەو وڵاتانەوە بۆ وڵاتە کۆلۆنیالیەکە کۆچ دەکەن ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەریە کلتووری و وابەستەییەیە کە تا ئێستاش بەردەوامی بەخۆی دەدات.
- پەراوێز:

- [١] زانیاری و ئاماری گەشتەکان لە DEMIG VISA database وەرگیراوە.
- [٢] کۆمەڵگەی کاریبی و بازاڕی هاوبەش (CARICOM) گرووپێکە لە ٢١وڵاتی گەشەسەندوو لە کاریبی کە کۆبوونەتەوە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئابووری و سیاسی کە پێکەوە کاردەکەن بۆ داڕشتنی سیاسەتەکان بۆ ناوچەکە و هاندانی گەشەی ئابووری و بازرگانی (Canton, H. 2021).

**سەرچاوە:**


اصغری جواد و غلامی سیمین. (2019). مؤلفه های پسااستعماری در رمان راه خورشید «الطریق إلی الشمس: شرق غرب» نوشته عبدالکریم ناصیف. ادب عربی، سال 10، شماره 2

بن ايديري, & إخلاف. (2022). موقع إدوارد سعيد في الدراسات ما بعد الكولونيالية ودوره في تفعيل الأمن الثقافي. المجلة الجزائرية للأمن الإنساني, 7(1), 42-59.

بوحاريش، نادية. (2016). النظرية ما بعد الكولونيالية والتلقي العربي (Doctoral dissertation, جامعة محمد الصديق بن يحي جيجل).

جەی.سی.یۆنگ، ڕۆبێرت (٢٠١٩). پۆستکۆلۆنیالیزم. و:گەلالی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی مێخەک.

حمود, نسيمة و مسالتي, محمد البشير. (2022). الكولونيالية وتشكلات الهوية في فلسفة فرانز فانون. مجلة إشكالات في اللغة و الأدب, 11(3), 428-445.

حياة، بدة و غريب، يسرى (2022). الثقافة والهوية عند فرانز فانون. مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماستر. الجمهورية الجزا□رية الديمقراطية الشعبية: جامعة 8 ماي 1945

ساعی. (2006). استراتژی شمال؛ تلاش برای هویت سازی نوین در جنوب. مطالعات ملی, 27(7), 137-150.

سەلام و خوسرەوی (٢٠٢٢). پۆست، نیو و دژە کۆلۆنیالیزم. چاپی یەکەم، پلاتفۆرنی ئەلیکترۆنی مینێرڤا ٢.

قەرەداغی، عەتا (٢٠٠٧). *کاریگەری کولتووری ئەوان لەسەر کورد*. چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون.

کلانتری صمد, & خلیلی عبدالرسول. (2010). جهانی شدن و روابط شمال و جنوب. فصلنامه تحقیقات سیاسی و بین المللی، شماره ٣، تابستان. ٤١-٥٠

کەریمی، ئەییوب (٢٠٢٣). میتاتیۆری. چاپی یەکەم، مەهاباد، چاپەمەنیی مانگ.

گیدنز، ئەنتونی (٢٠١٢)، *کۆنەڵناسی*. و: حەسەن ئەحمەد مستەفا، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

ناردۆ، دۆن (٢٠٢١). چاخی کۆلۆنیالیزم. و: تەحسین تەها، هەولێر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ڕۆژهەلات.

هیاجنه، محمد زین و برکات، نظام (٢٠١٩) حوار الشمال والجنوب والنظام العالمي الجديد، الأردن: جامعة اليرموک اربد

Adesola, A. S., & Olabiyi, O. B. (2023). Colonialism, migration and the emergence of urban spaces in colonial Nigeria. *Sri Lanka Journal of Social Sciences and Humanities*, *3*(1).

Adeyanju, C. T., & Oriola, T. B. (2011). Colonialism and contemporary African migration: A phenomenological approach. *Journal of black studies*, *42*(6), 943-967.

Aghamelu, F. C., & Ejike, E. C. (2017). Understanding Fanon's theory of violence and its relevance to contemporary violence in Africa. *IGWEBUIKE: African Journal of Arts and Humanities*, *3*(4).

Bhabha, H. K. (2004). The location of culture (routledge classics). *London and New York: Routledge*.

Canton, H. (2021). Caribbean Community—CARICOM. In *The Europa Directory of International Organizations 2021* (pp. 471-477). Routledge.

Emmer, P., & Lucassen, L. (1800). Migration from the Colonies to Western Europe since 1800. *Migration from the Colonies to Western Europe since*.

Gržinić, M. (2021). Necropolitics by Achille Mbembe: Extended Essay on the Book. *Filozofski vestnik*, *42*(1).

Hendrickson, B. (2022). 1. Colonialism, Intellectual Migration, and the New African University.

Huddart, D. (2006). *Homi K. Bhabha*. Routledge.

Lemberg-Pedersen, M., Pincock, K., Boeyink, C., & Adderley, L. R. (2024). Editorial Introduction: Colonialism, Postcoloniality, and the Study of Forced Migration. *Migration and Society*, *7*(1), 94-105.
Mbembe, A. (2001). *On the postcolony* (Vol. 41). Univ of California Press.
Nursey-Bray, P. (1980). Race and nation: Ideology in the thought of Frantz Fanon. *The Journal of Modern African Studies*, *18*(1), 135-142.
Pandey, S. (2020). Can the Subaltern speak in Aldous Huxley's Brave New World?. *Literary Herald*, *6*(2), 144-149.
Piu, P. (2023). The journey of subalternity in Gayatri Spivak's work: Its sociological relevance. *The Sociological Review*, *71*(6), 1258-1276.
Riley, D., & Emigh, R. J. (2002). Post-colonial journeys: historical roots of immigration and integration. *Comparative Sociology*, *1*(2), 169-191.
Sadiq, K., & Tsourapas, G. (2021). The postcolonial migration state. *European Journal of International Relations*, *27*(3), 884-912.
Schrover, M. (2021). Colonial and postcolonial transatlantic migrations in the British, Dutch and French Caribbean. *Atlantic Crossroads: Webs of Migration, Culture and Politics between Europe, Africa and the Americas, 1800–2020*.
Vezzoli, S., & Flahaux, M. L. (2017). How do post-colonial ties and migration regimes shape travel visa requirements? The case of Caribbean nationals. *Journal of Ethnic and Migration Studies*, *43*(7), 1141-1163.

**الهجرة وما بعد الاستعمار: نظرية ما بعد الاستعمار كبوابة لفهم الهجرة من الجنوب إلى الشمال**

**الملخص:**

تسعى هذه الدراسة إلى تحليل العلاقة بين نظرية ما بعد الاستعمار وأنماط الهجرة المعاصرة من بلدان الجنوب إلى دول الشمال، في سياق ما بعد الكولونيالية. ففي حين تميل الأدبيات التقليدية إلى تفسير الهجرة استنادًا إلى العوامل الاقتصادية، من قبيل الفقر والبطالة وعدم المساواة، تسلّط هذه الدراسة الضوء على الأبعاد التاريخية والثقافية والاجتماعية المتأصلة في السياق الاستعماري السابق. تنطلق الدراسة من نظرية ما بعد الاستعمار بوصفها إطارًا نظريًا لفهم كيفية استمرار التأثيرات الاستعمارية في تشكيل مسارات الهجرة الحديثة، لا سيما من مناطق مثل آسيا، وإفريقيا، وأمريكا اللاتينية نحو الدول الاستعمارية السابقة، كالمملكة المتحدة وفرنسا وهولندا وإيطاليا. ومن خلال مراجعة الأدبيات والدراسات الميدانية السابقة، تُبرز الدراسة كيف أسهمت الروابط التي خلفها الاستعمار، مثل اللغة المشتركة، ونظم التعليم، والرموز الثقافية، في إعادة إنتاج علاقات الانجذاب والهجرة تجاه "المركز" الاستعماري السابق.وتخلص الدراسة إلى أن نظرية ما بعد الاستعمار توفر أدوات تحليلية فعّالة لفهم ظاهرة الهجرة بوصفها استمرارية غير مباشرة لعلاقات السيطرة الثقافية والمعرفية التي أرساها الاستعمار، بما يتجاوز المقاربات الاقتصادية التقليدية.

**الكلمات المفتاحية :**الهجرة، نظرية ما بعد الاستعمار، الإرث الكولونيالي، الاستمرارية الثقافية، دول الجنوب-الشمال